بەڕێز حەکیم : نەجەفی ئەشرەف و ئەزهەری شەریف نوێنەرایەتی هێڵی ناوندگیری ئیسلامی دەکەن

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی دووپاتی کردەوە کە ئەزهەری سەریف و نەجەفی ئەشرەف نوێنەرایەتی هێڵی ئیسلامی ناوەندگیر دەکەن، لەرەش بەڕێزیان ئاماژەی بە مێژوو و بڵاوکراوەکان و ئاڵوگۆرکردنی زانست و زانیاری لە چەندین بۆنە لە نێوان ئەو دوو منارەیە کرد.

ئەو قسانەی حەکیم لەمیانەی وەڵامدانەوەی چەند کەسانێکی زیرەك و بەهرەمەند ڕووناك بیر بوو لەو تەوەرەی دگتۆر محەمەد ئەبوو کەلەل لە پایتەختی میسری لە قاهیرە لە بەرواری 29-5-2023 ئەنجامدرا ، لەم کۆڕەدا سەماحەتی حەکیم باسی سورشتی دۆخی ئێستای عێراق و پێشهاتەکان و دۆخەکەی کرد و ڕوونی کردەوە کە بەرژەوەندی عێراق لەوەدایە کە چاوی لە بەرژەوەندی خۆی بێت و لەگەڵ هیچ لایەنێك نەبێت بە دژایەتی لایەنێکی دیکە ، هەروەها پێویستە بەرامبەر هەمووان کراوە بێت و هەوڵی بنیاتنانی بەرژەوەندی لەگەڵ هەموو لایەك بێت.

بەڕێزیان ئاماژەی کرد کە ڕێگای گەشەپێدان وەك سیستەمێکی ئابووری بۆ عێراق و ناوچەکە بێت، بەپێویستیشی زانی کە بەرژەوەندییەکان ڕێکبخرێن لەبری ئەوەی تێك بئاڵێن و نەگەنە ئەنجام، ئاماژەشی کرد کە هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت هاوپەیمانێتییەکە کە پێکهاتەکانی تێپەڕ کردووە و ناونیشانێکی نیشتمانی هەیە و سەرەتای کارێکی هاوبەشیش دەبێت.
سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ئامادەسازی سیاسی بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە نیو کە یەك، سەرنجیشی دا کە ئامادەبوون پێکهاتەکان سەنگی خۆی لە هەموو هاوپەیمانێتییەك دەبێت، گوتیشی ناکۆکی لەنێو ماڵی یەك پێکهاتە دیاردەیەکی ئاساییە و ئەرێنییە واتای ئەوەیە کە کێشە و ناکۆکییەکان سیاسین و ناکۆکی نێوان پێکهاتەکان نییە.

سەماحەتی حەکیم گوتیشی گەڕانەوەی پەیوەندیەکانی سعوودیە و ئێران لە بەرژەوەندی سەقامگیری عیراق هەژمار دەکرێت و ڕوونیشی کردەوە کە بەرژەوەندییەکان خۆی سەپاند لە ڕکابەرییەك کە قازانجی هیچ لایەنێکی نەبوو.

سەماحەتی لە درێژەی قسەکانی باسی حەشدی شەعبی کردو گوتی ئەو دەزگایەکی سەربازی دەوڵەتە و لەژێر فەرمانی سەرۆکی هێزە چەدارەکان دایە، ڕوونیشی کردوە کە حەشدی شەعبی [illegible] دەڕوات لە ڕێگای بەدەزگاکردن و پێشوەچوون و مەشقی زیاتر لەبەر ئەوەی هێزێکی کاریگەرە و بەئەزموونە لە نەهێشتنی تیرۆر.

دووپاتیشی کردەوە کە پشتگیری لە کەیسەکانی گەلی فەلەستینی دەکات و ئاماژەی بە یاسای بە تاوانکردنی گەڕانەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل کرد کە پەرلەمانی عێراقی دەریکردوە.